www.kurdistannet.org
1-2-2007 18:40 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ولامێک لە لایەن ئەم بێویژدانەوە!!! بۆ خاتو گوڵی کوێستانی ... عومەر بالیدە

بە داخەوە کوردستانی باشور وای لێ هاتوە کە بە راستی ئەگەر کەسێک بیەوێت بە ئازادانە رای خۆی سەبارەت بە هەر شتێک دەر برێ توشی کەسانێک دەبێتەوە کە وا ئەزانن ئەبێ ولامی هەمو شتێک بدەنەوە.

بە راستی ئەمە جێی مەترسییە کە ئەم بەشەی لە کوردستان ئاوەهای بەسەر هاتووە. هەر کەس کە دەبینی خۆی بە سیاسی دەزانێت، لە منداڵەوە تا پیر خۆیان بە کارناسی هونەری دەزانن، لە ژنەوە تا پیاو بۆ چونیان هەیە سەبارەت بە هەمو شتێک. ئەمرۆ لە سەر بوش و سەدام و ئیسلامی سیاسی وهتد. . دەنوسن، بەیانی دەبینی هەمان کەس هەلی کوتاوەتە سەر رێبەرانی کوردستان و بووە بە گەندەڵ ناسێکی تەواو، سەیر ئەکەی هەمان کەس بۆ رۆژی دوایی لە سەر موسیقا دەنوسێ و رای خۆی بەو پەڕی شانازییەوە دەر دە برێ و بە ئارەزوی خۆی لەم ئە درێ و ئەیدا بەو. ئەمە ڕاستییەکی زۆر تاڵە کە ئەمرۆ لە ئەم بەشەی کوردستاندا بە ئاشکرا دەیبینین.

من لە رۆژهەلاتی کوردستان ژیان دەکەم واتە لە کوردستانی بن دەستی ئێران. لە ئێران بە دەگمەنیش نای بینی کە کابرایەکی سیاسی یان کۆمەڵناس یان هەر شتێکی تر جورئەتی هەبێت سەبارەت بە موزیک قسە بکات، چونکو لێرە شتەکان جیا کراوەتەوە و هەرکەسێک خەریکی ئیشی خۆیەتی. خاتون گیان با پێت را بگەیەنم کە لە ئێراندا ئەگەر کەسێک ناوی ئامێرەکان بە زمانێکی تر جیا لە زمانی فارسی بینوسێت بەرهەمەکەی پڕ شەق دەکەن نەک وەکو ئێمە بیکەن بە پەپولە.

تۆ منت کردوە بە ناشارەزا و دوژمنی کورد و بێویژدان و. . . . !!! لە بەر ئەوەی نوسیومە جەنابی زەکەریا بۆ ناوی ئامێرەکانیشمانت کرد بە تورکی و بە زمانی خۆمان نەت نوسیوە!!! بۆ ئەبێ کەسێک لە میلەتێکی تر گوێ لە کارەکانت بگرێ بلێ ئەمە مەحسونە یان ئیبراهیم تاتلیس!!! بۆ کارەکانت ئەبێ هەر تورکەکان بیکەن مەگەر خۆمان ژەنیارمان نییە!!! و هەزارێک پرسیاری تر؟؟

زیاتر لە دە ساڵە لە ناو جەرگەی موزیک دا دێم و دەرۆم. هونەرمەند نەماوە لە کورد و فارس دەستم پێی نەگاو لە لای دا نەنیشتبێتم، کۆنسێرت و کونفرانسی وەها رۆیشتوم خاتون گیان تۆ بە خەویش نەت دیوە، بەڵام ئیستە من بوم بە ناشارەزاو جەنابت بوی بە بێت هۆوون!!!!

نوسیوتە بە هەزار لەم بەرهەمەی کاک زەکەریا فرۆشراوە!! مەگەر زیاد فرۆش کردنی هەر بەرهەمێک نیشاندەری باشی ئەو بەرهەمەیە؟؟ یان جەنابت بە کیلۆ قیاسی بۆ دەکەی!!!.

من چیم نوسیبو کە وەها نەبو؟ ئایا مۆرکی تورکی بە بەرهەمەکانییەوە نییە؟ ئایا هەمو ژەنیار و دابە شکەرەکانی تورک نیین؟ ئایا هەستی گۆرانییەکانی هەستێکی تورکی نیین؟ ئایا کلیپەکانی کۆپییەکی ناشیرین لە کلیپە تورکییەکان نییە، و هەزاران ئایای تر؟؟

ئایا ئەم هونەرمەندە مەزنە!!! ناوی ئامیرەکانی بە تورکی نەنوسیوە؟ ئەگەر نەی نوسیبو خاتون گیان تۆ راست دەکەی و من داوای لێ بوردن لە تۆو جەنابی زەکەریا دەکەم، بەڵام ئەگەر وەها بو کە من نوسیومە تۆ بێویژدان و دژ بە کوردی.

www.Kurdistanmusic.blogfa.com
Kurdistanmusic2007@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.